# لێکەوتـــە عێراقـــی و هەرێمایەتییەکـــانی "ئاشتەوایی"ی هەولێر و تاران

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

سەردانی بەڕێز "نێچیرڤان بارزانی"، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی هاوەڵی بۆ تاران، کە سروشتێکی ئاشتەواییانەی هەبوو، لەسەر ئاستەکانی ناوخۆ و عێراق و ناوچەکە پێشهاتێکی لێکەوتەدارە؛ بەتایبەت پاش دوو ساڵ لە گرژی و تۆمەتگۆڕینەوە و هێرشی مووشەکی و درۆنیی ئێران و باڵەکانی. ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات لە دەرەوەی لێکەوتە ناوخۆییەکانی هەرێم، کاریگەری و پەیوەندیی ئەو کرانەوە نوێیە لە گۆشەنیگای هاوکێشەی عێراق و ناوچەکەوە بخوێنێتەوە.

**دوو وێستگەی کاریگەر لەسەر سەرانەکەی تاران**

سەردانی سێ ڕۆژەی سەرۆکی هەرێم و شاندی یاوەری بۆ ئێران (5_8 ئایار) کە ئاژانسی "میهر"ی ئێرانی بە "ئاشتبوونەوە" هەژماری کردووە[1]، لە وەڵامی بانگهێشتنامەیەکی فەرمیی تاراندا هات.[2] لە دیدارەکانیشدا شاندەکە بەکۆمەڵ و سەرۆکی هەرێمیش بەتەنیا چاویان بە سێگۆشەی دەسەڵاتی ئێستای ئێران کەوتووە، ئەوانیش بریتین لە "عەلی خامنەیی"، ڕابەری شۆڕش، "ئیبراهیم ڕەئیسی"، سەرۆککۆماری ئێران و، "محەممەد قالیباف"، سەرۆکی پەرلەمان. زانیارییە نافەرمییە ئێرانییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن؛ سەردانەکە جگە لە لایەنی پرۆتۆکۆڵی و فەرمی، دانیشتن و دیداری تایبەت و پشتپەردەیشی لەخۆ گرتووە. ئەو دیدارانەیش بەرهەمی لێکگەیشتنی پێشوەختەی نێوان هەردوو لا بوون و، دانیشتنەکان زیاتر بۆ چەسپاندنی بووە.[3]

سەردانە هەمەلایەنەکەی شاندی هەرێم، کەمتر لە هەفتەیەك پاش سەردانێکی چڕوپڕی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا، ئەنجام درا؛ کە ناونیشانە سەرەکییەکەی، چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بوو، بەڵام لە ناواخندا دۆسیەی هەڵبژاردنی هەرێم پانتاییەکی گەورەی پێك دەهێنا. ئەم دوا سەردانەیش کە دوو ڕۆژی خایاند (27 و 28ی نیسان)، دووەم سەردانی نێچیرڤان بارزانی بوو بۆ بەغدا لە ماوەی یەك مانگدا؛ بەرنامەکەیشی دیداری فەرمی و حکوومی و سیاسی و حزبییشی لەگەڵ لایەنە عێراقییە جۆربەجۆرەکان لەخۆ گرتبوو.[4]

هەروەها سەردانی شاندی هەرێم بۆ تاران، لە پاش پێشوازیکردنی سەرۆککۆماری تورکیا هات لە هەولێر، پاش سەردانی بەغدا (22ی نیسان)؛ ئەو سەردانەیش کە بە "مێژوویی" لە قەڵەم درا، بە مۆرکردنی 26 لێکگەیشتن و ڕێککەوتننامەی ئاشکرا لە نێوان بەغدا و ئەنقەرە کۆتایی هات. دوای کۆتاییهاتنیشی، سەرۆککۆماری تورکیا ستایشی ئەنجامەکەی کرد، بەتایبەت ئەو بەشەی کە پەیوەست بوو بە سەردانی هەولێر و گەرموگوڕی لە پێشوازی و دیدارەکان.[5] هەرچەندە هیچی فەرمی لەبارەی پەیوەندیی ئێران و هەڵوێستی لە سەردانی ئەردۆغان ئاشکرا نەکراوە، بەڵام لە پاش بەغدا، لایەنی پەیوەندیداری ڕاستەوخۆ بەو سەردانەی ئەردۆغان بۆ عێراق و هەرێم، دەسەڵاتدارانی تارانن؛ هەم وەك هێزێکی هەرێمایەتیی ڕکابەری

تورکیا لە عێراقدا، هەم بەشێك لە ئەجێندای سەردانەکە کە پەیوەندیی بە بەرەنگاربوونەوەی جموجۆڵ و چالاکییەکانی "PKK"وە هەیە پەیوەندیدارە بە ئێرانەوە، بەڵکە بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ تاران ناچێتە پێشەوە، بەو پێیەی هەندێك ڕایەڵی پەیوەندی و، هەروەها بەریەککەوتنیان لەسەر سنوورەکان هەیە.

**ئامانجە سەرەکییەکانی سەردانەکە**

بەپێی سەرچاوە ئێرانییەکان، ئامانجەکانی سەردانی شاندەکەی هەرێم جۆراوجۆر بوون، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە لایەنە عێراقییەکەیەوە هەیە زیاتر بریتییە لە: جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەمنیی ئێران و عێراق کە لە 19ی ئازاری 2023 دا واژۆ کرا. ڕێککەوتنەکە پەیوەستە بە دۆخی هێزە بەرهەڵستکار و ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەناو خاکی هەرێم و، ئێران گازندەی لە شێوازی جێبەجێکردنی هەیە، بەڵام ئەوەیشی لا ڕوونە کە هێزە فیدراڵییەکانی عێراق لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمدا نین و "لە هەرێمیشدا جۆرێك لە ئازادیی جموجۆڵی هێزی هاوپەیمانان هەیە"؛ بۆیە دەربارەی وردەکارییەکەی، ناچارە خۆی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا بکات.[6] بۆ ئەم مەبەستەیش لەگەڵ "وەزیری ناوخۆی هەرێم" لەسەرهێڵن کە سەرپەرشتیی ئەو دۆسیەیە دەکات.

لە پەنا دۆسیەی ئەمنییشدا ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئامادەیی بەرچاوی هەبووە لە ئەجێندای سەردانەکە، چونکە زانیارییە بەردەستەکان ئەوە دەردەخەن پەیوەندییە بازرگانییەکان کاریگەر بوون بە گرژییەکانی ئەم دوو ساڵەی دوایی نێوان هەولێر و تاران و، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بەئامانجگرتنە مووشەکییەکان. ئەمەیش بۆ ئێران بابەتێکی هەستیارە چونکە قەبارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکانی نێوان ئێران و هەرێم پێش پەرەسەندنی ئەو گرژییانەی دوایی و لە ساڵی ڕابردوودا (2023) گەیشتبووە نزیکەی دوو ملیار و 500 ملیۆن دۆلار[7]؛ ئەمەیش بۆ تاران کە لەژێر گەمارۆی جۆربەجۆری ئەمریکی و ئەورووپیدایە جێگەی بایەخ و گرنگیی زۆرە و نایەوێت ببێتە قوربانیی ناکۆکییە ئەمنی و سیاسییەکانی نێوان هەردوو لا.

هەرچەندیشە تۆمەتبارکردنی هەرێم بە داڵدەدانی مۆساد، یەکێک لەو بابەتانەیە کە هەمیشە گرژی و ئاڵۆزیی لە نێوان هەردوو لادا دروست کردووە و، هەروەها پاساوی هێرشەکانی ئێرانیش بووە بۆ سەر هەولێر لە دوو ساڵی ڕابردوودا، کەچی ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لەم سەردانەی شاندەکەی هەرێمدا بەئاشکرا نەورووژێنرا و ئاماژەی بۆ نەکرا! لەبارەی هۆکاری ئەمەیشەوە سەرچاوە ئێرانییەکان باس لەوە دەکەن، پێش سەردانەکە هەردوو لا لەبارەی ئەو پرسەوە گەیشتوونەتە جۆرێك لە لێکگەیشتن. بەهۆی ئەوەیشی قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی هەردوو لا لە کاتی سەردانەکەوە دەستی پێ کردووە، ئێرانییەکان نەیانویستووە ئەو تۆمەتانە لە سەروبەندی سەردانەکەدا بورووژێنن، "بەو پێیەی پێشتر لێکگەیشتنی تەواوی لەبارەوە گەڵاڵە کراوە."[8] ئەوەیشی ئەم زانیارییانە پشتڕاست دەکاتەوە هەندێك لێدوانی ئەرێنییانەی ئێرانین دەربارەی هەرێم، لەوانەیش: ئاخاوتنی "سارا فەلاحی"، ئەندام لە لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئێران، کە پاکانە بۆ حکوومەتی هەرێم دەکات لە تۆمەتی پەنادانی چالاکییە دژەئێرانییەکان؛ لەگەڵ ئەوەیشدا جەخت دەکاتەوە، "حزب و لایەن و کەسایەتیی سیاسیی کاریگەر هەن لە هەرێمدا، کە لە دژی ئێران چالاکییان هەیە."[9]

بە شێوەیەکی گشتییش لە ڕۆژی سەردانەکەوە تۆنی لێدوانە فەرمییە ئێرانییەکان دەربارەی هەرێم، جیاوازیی هەیە لە ماوەکانی ڕابردوو کە ئێرانییەکان بەبێ سێ و دوو هەرێمی کوردستانیان بە هۆکارێکی مەترسی

لەسەر ئاسایشی ئێران دەدایە قەڵەم. پێ ناچێت ئەم لێکگەیشتنە لە دەرەوەی ئاگاداری و ڕەزامەندیی ئەمریکا بێت چونکە بەپێی ئەو کاردانەوە ئەمریکییانەیشی ئاشکرا کراون، ئەم هێوربوونەوەی گرژییە لە نێوان هەولێر و تاران، ناکۆك نییە لەگەڵ خواستی واشنتۆن بۆ پارێزگاریکردن لە ئۆقرەیی ئێستای عێراق. لەم نێوەیشدا وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هاوکات لەگەڵ ئەوەی ڕەتی کردووەتەوە بچێتە وردەکاریی سەردانی شاندی هەرێم، ئەوەی ڕاگەیاندووە "هانی ئەو دیالۆگانە دەدەن کە ئامانجی ڕاگرتنی گرژییە، هەروەها ئۆقرەیی زیاتر بەدی دەهێنێت؛ لەو بابەتانەیش کە پەیوەستە بە ئێرانەوە."[10]

**ناوبژیوانیی تاران لە نێوان هەولێر و بەغدا**

بەپێی هەندێك لێكدانەوە، یەكێك لە ئامانجە ڕانەگەیەنراوەكانی سەردانی سەرۆكی هەرێم بۆ تاران، هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی و پاڵپشتیی ئێرانە بۆ چارەسەركردنی كێشە هەڵواسراوەكانی نێوان هەولێر و بەغدا، بەو پێیەی ئێران دەتوانێت گوشار لە هێزە سیاسییە عێراقییەكان بكات، بەتایبەت شیعەكانی هاوپەیمانی تاران.[11] ئەم لێكدانەوەیەیش لەگەڵ سروشتی پێكهاتەی حوكمڕانیی عێراقدا دێتەوە كە ئێستا بەدەست لایەنەكانی "چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە"وەیە. ئەم بەرەیەیش لە سێ جەمسەر پێك دێت كە شوێنكەوتە و هاوپەیمان و دۆستە نزیكەكانی ئێرانن. ئەگەر ئێرانیش ئەمە بكات، لە بەرژەوەندیی سەرۆكوەزیرانی ئێستای عێراقیشە كە بە دوای قۆناغێكی ئارام و پردێكی پەڕینەوەی هێوردا دەگەڕێت تا دەگاتە هەڵبژاردنی گشتیی ئۆكتۆبەری 2025. دەشێت هەر ئەم فاكتەرەیش بێت هانی "سوودانی"ی دابێت كە نێوانگیری بكات. لەم بارەیشەوە سەرۆكی هەرێم لە تاران، نەیشاردەوە كە سەرۆكوەزیرانی عێراق، یارمەتیدەری ڕێكخستنی سەردانەكە بووە. جەختی لەوەیش كردەوە "چەندان كۆبوونەوەی نهێنی"یان هەبووە تا دیدارەكانی تاران سەری گرتووە.[12]

بەپێی ئەو لێدوانە فەرمییانەیشی لە دەستەی ڕاوێژكارانی سوودانییەوە بڵاو كراونەتەوە، بەغدا هانی هەموو بەرەوپێشچوونێك دەدات لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەت ئێران؛ هەروەها "حكوومەتی فیدراڵ بەئەرێنی تەماشای سەردانەكەی سەرۆكی هەرێم دەكات."[13] ئەم هەڵوێستە ئەرێنییەیش لەسەر سەردانەكە زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە گرژییەكانی نێوان هەرێم و بەغدا بارگرانی و شەرمەزاری (ئیحراجیبوون) بۆ سەرۆكوەزیران و سیاسەتی كابینەكەی دروست دەكات و لە كرانەوە بەڕووی هەولێردا دەستی دەبەستێت. ئەو كاتانەیشی ئێران هەولێری بەئامانج گرتووە، بنكە سیاسییەكەی حكوومەتی سوودانی كە "چوارچێوەی شیعی"یە، ڕێگەی نەداوە زۆر بەرەنگاری تاران ببێتەوە. لە لاكەی تر و لە بەرامبەردا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پێداویستییەكانی سەروەری و ڕای گشتیی عێراقییش چاوەڕێی ئەوەیان لێ كردووە هەڵوێست و پەرچەكرداری هەبێت لەسەر ئەو هێرشانەی، هەولێر وەك بەشێك لە عێراق دەكاتە ئامانج.

لە دەرەوەی عێراقی فەرمی و لەسەر ئاستی گرووپە وابەستەكانی ئێرانیش، كۆتا بەیاننامەی وتەبێژی سەربازیی كەتیبەكانی حزبوڵڵا (7ی ئایار)، كە سەرۆكئەركان و سێ لیوایان لەنێو حەشدی شەعبیدا هەیە (45، 46، 47)، هێرش دەكاتە سەر ئیمارات و ڕێگەی گەشەپێدانی توركیا، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە هەرێمی كوردستان ناكات؛ لە كاتێكدا لە بەیاننامەكانی پێشوودا (15ی ئادار) جەختی لەوە كردبووەوە "هەولێر لانكەی سیخوڕییە و بنكەی "پلانگێڕیی زایۆنییە."[14] دەشێت ئەم خۆبواردنەی "حزبوڵڵا"ش لە هەولێر، یەكێك بێت لە دەرەنجامەكانی كرانەوەی هەولێر بەڕووی تاراندا، چونكە لە ئەزموونەكانی پێشوودا دەركەوتووە چارەسەری قەیرانەكان لە عێراقی ئێستادا بە گەڕانەوە بۆ تاران دەبێت؛ بەتایبەت كە هەندێك لە

باڵە کاریگەرە حوکمڕانەکانی بەغدا پەیوەست و شوێنکەوتەی بڕیاری تارانن.[15]

**هاندەرەکانی تاران بۆ کرانەوە بەڕووی هەولێردا**

میدیای فەرمیی ئێرانی و لێدوانە سیاسییە شیعییەکان، وەها وێنای سەردانەکەیان کردووە کە پەنابردنی هەرێمە بۆ تاران و هەوڵی دڵنیاکردنەوەیەتی، بەڵام بەپێی پێدراوە بەردەستەکان نزیکبوونەوە و هەڵدانەوەی پەڕەیەکی نوێی بەرژەوەندییەکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو لا، چونکە جگە لە ئاسایش و دۆسیەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان، ئێران نیگەرانییەکی تری گەورەی هەیە کە پەیوەستە بە ڕێگەی بازرگانیی "گەشەپێدان"ەوە لە نێوان بەسرە و تورکیا کە تێچووەکەی 17 ملیار دۆلارە و بڕیار وایە وڵاتانی کەنداو (سعوودیا، ئیمارات، قەتەر، کوێت) وەبەرهێنانی تێدا بکەن.[16] ئێرانییەکان پێیان وایە ئەم ڕاڕەوە بازرگانییە کە بڕیارە ساڵی 2050 کۆتایی بە قۆناغی سێیەم بێت، دەشێت ببێتە ڕکابەری ئێران لە نەخشەی جیۆسیاسیی ناوچەکەدا، چونکە ئەم پرۆژەیە وا دەکات عێراق پشت بکاتە ئێران وەك سەرچاوەیەکی سەرەکیی بازرگانی و لە بەرامبەردا ڕووی خۆی بگوازێتەوە بەرەو هێڵی کەنداو_ بەسرە _ تورکیا. ئەمەیش بە مانای لەدەستدانی بازاڕێکی گرنگ دێت بۆ ئێران.[17]

ئێران و کوردستان لەوەدا هاوبەشن کە بێبەش کراون لە نەخشە و پلانە تیۆرییەکانی "ڕێگەی گەشەپێدان"؛ ئەمەیش هەم دەرفەتێك بۆ نزیکبوونەوە دەڕەخسێنێت و هەم لێکەوتەکانیشی بۆ هەردوو لا جێگەی نیگەرانین ئەگەر سەر بگرێت. هەرچەندە ئێرانییەکان تا ئێستا دان بە خۆیاندا دەگرن و زۆر بەئاشکرا دژی "ڕێگەی گەشەپێدان" لێدوان نادەن، بەڵام "کەتیبەکانی حزبوڵڵا" کە پەیوەستن بە سوپای پاسدارانەوە، لە دوا ڕاگەیەنراوی خۆیاندا جەخت لەوە دەکەنەوە "ڕێگەی گەشەپێدان هێشتا سەرچاوەی دڵەڕاوکێیە"؛ داوای ئەوەیش دەکەن گەرەنتیی بنجبڕ و یەکلاکەرەوەی ستراتیژییان پێ بدرێت بەر لە دەستکردن بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە[18]، کە عێراق دەکاتە کەناڵێکی وشك بۆ بەستنەوەی کەنداو بە تورکیا.

جگە لە هۆکارە ئابوورییەکەی، دەشێت پشتیوانیی ئەمریکا بۆ "ڕێگەی گەشەپێدان" کە هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە عێراق و یارمەتیی سەربەخۆبوونی ئابووریی عێراق دەدات، بەشێك بێت لە هۆکارەکانی دڕدۆنگی و نیگەرانییەکانی تاران. لە ڕوانگەی ئێرانییەکانیشەوە "ڕێگەی گەشەپێدان"، هۆکارێکە بۆ بەهێزبوونی پەیوەندیی ئابووری و سیاسیی عێراق و تورکیا. هەر جۆرە زیادبوونێکی هەژموونی ئەنقەرەش لە عێراقدا، بە واتای کەمبوونەوەی هەژموونی ئێرانە؛ ئەمە جگە لەوەی ترانزێتی "ڕێگەی گەشەپێدان" دەتوانێت هۆکاری لادانی بازرگانی و گواستنەوە بێت لەسەر ئەو ڕێگەیانەی کە بە ئێراندا گوزەر دەکەن.[19]

ئەوەیشی نیگەرانیی ئێران لە پەلکێشانی تورکیا لە عێراق زیاتر دەسەلمێنێت ئەوەیە، پاش واژۆکردنی 26 لێکگەیشتن و ڕێککەوتننامە لە نێوان بەغدا و ئەنقەرە و سەردانی ئەردۆغان بۆ بەغدا و هەولێر، ئێرانییەکانیش 23 بەڵگەنامە و تەوەرەی دانوستانیان دیاری کردووە وەك دەرفەتی هاریکاریی ئابووری لە نێوان تاران و بەغدا، بۆ ئەوەی هاوشێوەی تورکیا لەگەڵ عێراق، بیکەن بە لێکگەیشتن و ڕێککەوتننامە.[20] هەندێك لەو دۆسیە و بوارانەیش پەیوەندیی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەو پێیەی چوار خاڵی سەرەکیی ئاڵوگۆڕ و بازرگانییەکی فراوانی لەگەڵ ئێراندا هەیە لە چوارچێوەی پەیوەندییە بەرفراوانەکانی نێوان عێراق و ئێران.

بەپێی ڕاپۆرتە ئێرانییەکان، تاران چاوی لەسەر ئەوەیە کەڵك لە هەرزانیی گواستنەوە و شمەکی بازرگانی لە نێوان ئێران و هەرێم وەرگرێت بەراورد بە تێچووی زۆری ئاڵوگۆڕی بازرگانیی عێراق لەگەڵ تورکیا، هەروەها دەسەڵاتدارانی ئێران تا ڕاددەیەك کێشەیان هەیە بەدەست بەربەستە هونەرییەکان و خراپیی ژێرخانی مەرزەکانی ئێران لەگەڵ ناوەڕاست و باشووری عێراق؛ پێشیان وایە هەرێم باشتر و خێراتر دەتوانێت کێشە هونەرییەکانی هاتوچۆی بازرگانی چارەسەر بکات بەراورد بە پارێزگا عێراقییەکان.[21]

**قۆناغی نوێی پەیوەندییەکانی هەرێم و تاران**

سەرۆکی هەرێم پێی وایە لە پاش سەردانەکەی تاران لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی هەردوو لا هەڵدراوەتەوە و دەرگە لەسەر قۆناغێکی نوێ خراوەتە سەرپشت.[22] بە لای ناوەندە ئێرانییەکانیشەوە ئەوە گرنگە کە هەرێمی کوردستان بەفەرمی دڵنیایی ئەوەی داوەتە ئێرانییەکان کە خاکەکەی نابێتە سەرچاوەی هیچ هەڕەشەیەکی ئەمنی و، نابێتە هۆکاری تێکدانێکی ڕەوش و بارودۆخی ئێران.[23] هەروەها ئێرانییەکان ئەوەیشیان بەلاوە مەبەستە، هەرێمی کوردستان لە پەنا پشتبەستنی زۆر بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژاواییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا، تارانیش بکەن بە هاوبەش لە نەخشەڕێی چارەسەر و، جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئێران لەسەر شێوازی ساڵانی پاش ڕاپەڕینی 1991 و پاش ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام لە 2003 کە ئەم سیستەمە سیاسییەی ئێستای عێراقی لێ بەرهەم هات.[24]

# دوو لێکەوتەی کرانەوەی گرێی پەیوەندییەکان

بەپێی ئاماژەنما بەردەستەکان ئەم کرانەوەیە نوێیەی هەولێر و تاران، لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە دوو جۆر لێکەوتەی دەبێت کە دەشێت بەم جۆرە بخرێنە ڕوو:

_ لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم کرانەوەی هەولێر بەڕووی تاراندا جارێکی تر "پارتی دیموکراتی کوردستان" و هێزە شیعە بنەڕەتییەکانی عێراق دەخاتەوە سەر هێڵی گفتوگۆ و پەیوەندیی گەرموگوڕ. لەم نێوەندەیشدا زانیارییەك هەیە کە جگە لە سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق، نووری مالیکی، سەرۆکی "دەوڵەتی یاسا"ش ڕۆڵی دیوە لە ئاسانکاریکردن بۆ کرانەوەی پارتی بەڕووی تاران و سەردانی بەرپرسێکی ئەو حزبە بۆ ئێران.[25]

دەرەنجامی "ئاشتەواییەکە"، جگە لە دەستکەوتی سیاسی و حزبیی تایبەت لە دۆسیەکانی هەڵبژاردن و گوشارەکانی دادگەی فیدراڵی بۆ پارتی، دەکرێت لێکەوتەی ئەرێنیی گشتییشی هەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا، لەبەر ئەوەی سەرۆکایەتیی حکوومەت و سەرۆکایەتیی هەرێم و دۆسیەی نەوت و بنەجێکردنی مووچە، بەشی زۆری لە هەولێرن. هەرەها چاوەڕێی ئەوەیش لە باشبوونی پەیوەندییەکان دەکرێت تارماییی هێرشی مووشەکی و درۆنیی ئێرانی و عێراق لە ئاسمانی هەرێم دوور بخاتەوە، لانی کەم لە مەودای نزیك و ناوەڕاستدا.

_ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، "ئاشتەواییی هەرێم و تاران" گرنگییەکەی لەوەدایە، لە دوو ساڵی دواییدا یەکێك لە ئاراستە سەرەکییەکانی چارەسەرکردنی گرژیی ناوچەکە، گەڕانەوەیە بەرەو ڕۆژهەڵات لە بری

پشتبەستی تەواوەتی بە ئەمریکا و ڕۆژاوا. ئەم سیاسەتەیش کە لە ئاداری 2023 دا بە ڕێککەوتننامەی تاران و ڕیاز بە نێوانگیریی چین گەیشتە لووتکە، سەرباری ئاڵنگاری و لێکەوتە گەرم و سەختەکانی جەنگی غەززە و هێرشی 7ی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، هێشتا هەر خۆڕاگرە. ئەمەیش ڕێخۆشکەرە بۆ گەڵاڵەبوونی باوەڕێك، کە "مەرج نییە واشنتۆن تاکە سەرچاوەی چارەسەری کێشەکانی ناوچەکە بێت"؛ بەتایبەت کە ئەمریکا لەم ساڵانەی دواییدا پاشەکشەی لە زۆر دۆسیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە بە مەبەستی خۆتەرخانکردن بۆ پرسی گرنگتر لە ئۆکرانیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. سەرباری ئەمەیش ئەم ئۆقرەییەی ئێستای نێوان سعوودیا و ئیمارات لەگەڵ ئێران، دەشێت تێك بچێت، چونکە ئاشتەواییەکی چاوەڕوانکراوی ئیسرائیل و سعوودیا و ئیمارات بە نێوانگیریی ئیدارەی بایدن لە ئارادایە.[26] لە حاڵەتی سەرگرتنی ئەم سیناریۆ ڕێتێچووەیشدا، هەرێمی کوردستان هەر پێویستیی بە گەرەنتی و دڵنیایی هەیە کە بە ئاگری ئەو جەمسەرگیرییە توندە چاوەڕوانکراوە نەسووتێت کە کێشمەکێشی زلهێز و گەورەکانە و، باشترین دڵنیاییش هەبوونی پەیوەندی و لێکگەیشتنە لە نێوان هەردوو جەمسەرە سەرەکییەکەی ناوچەکە، کە تاران و واشنتۆن _ تەلئەبیبە.

[1]. https://bit.ly/4byAwlo

[2]. https://bit.ly/4auxRZn

[3]. https://bit.ly/3UymPMI

[4]. https://bit.ly/4bbAoIK

[5]. https://bit.ly/4dAU0Ic

[6]. https://bit.ly/3wtFNvK

[7]. https://bit.ly/3USlbqi

[8]. https://bit.ly/3JYcJzL

[9]. https://bit.ly/3JWjguC

[10]. https://bit.ly/3UCN1Wg

[11]. https://bit.ly/4bdgQUq

[12]. https://bit.ly/44zsTc8

[13]. https://bit.ly/3WSVsQj

[14]. https://bit.ly/4ag2OQT

[15]. https://bit.ly/3wk7yHf

[16]. https://bit.ly/3JXQz0k

[17]. https://bit.ly/3Wz1CEM

[18]. https://bit.ly/3ydoQGF

[19]. https://bit.ly/3KgepF3

[20]. https://bit.ly/3yfCHw5

[21]. https://bit.ly/3wu9sVC

[22]. https://bit.ly/44zsTc8

[23]. https://bit.ly/3V4nZB7 □
https://bit.ly/3JX83tM

[24]. https://bit.ly/3QGsaQV

[25]. https://bit.ly/3Wxz7av

[26]. https://bit.ly/4b8Zhow